# له زمانی جه‌لاده‌وه بۆ بێده‌نگی زمانی قوربانی

حسێن سۆران

**( سیسألونك عن الانفال قل الانفال للة والرسول فائتقو اللة وأصلحو ذات بینكم واطیعواللة ورسولة ان كنتم مؤمنین )**



ئه‌م بابه‌ته له ژماره (٤) گۆڤاری ئه‌نفالستاندا بڵاوكراوه‌ته‌وه

خه‌مێكی گه‌وره له‌م ساڵانه‌ی دوایدا به‌دی ده‌كرێ ئه‌ویش قسه‌كردنه له سه‌ر كاره‌ساتی ئه‌نفال.. له هه‌موو گرنگتر كه‌م كه‌سی رۆشنبیر زاتی ئه‌وه ده‌كات تێكستێكی ئه‌ده‌بی یان ده‌قێكی داهێنان به‌و ناوه‌وه نمایش بكات. مه‌گه‌ر جورئه‌تی نه‌زانینی زۆر هه‌بێ !

**ئه‌گه‌ر سه‌رنجێك له‌م ساڵانه‌ی دوایدا بده‌ین، ده‌بینین، هه‌ر كۆمه‌ڵه قه‌ڵه‌مه‌كانی به‌عس‌و ره‌فیق‌و جاشه‌كان دێنه‌وه له‌سه‌ر ئه‌نفال ده‌نوسن، به‌ڵكو تا له‌و رێگه‌وه جۆرێك خۆیان پاكبكه‌نه‌وه، جۆرێك هه‌یبه‌ت به نوسینه‌كانیان بده‌ن، له رێگه‌ی چه‌مك‌و زاره‌وه‌ی ئه‌نفاله‌وه.. ئه‌گه‌ر بشگه‌رێینه‌وه بۆ مێژووی ئه‌م جۆره مه‌هزه‌لانه ده‌بینین، له سنوری چه‌ند كه‌رولاڵێكی لاواز بترازێ نوسینێكی دی به‌م ئه‌ندازه‌یه شه‌رمه‌زاربێت نابینین، وه هه‌موو كاره ساتی ئه‌م میلله‌ته له‌به‌رۆكی په‌رتوكێكی قێزه‌وونی وه‌ك ئه‌و ناو نیشانه بێت كه ناونیشانی ئه‌نفالیش ناشرین ده‌كه‌ن، به‌درێژایی ئه‌م ساڵانه ته‌نها،نه‌زانه‌كان به‌سنگ ده‌رپه‌راندنه‌وه ئه‌و چه‌ند لاپه‌ره‌ی ئینشا نوسانه ده‌خه‌نه سه‌رزباله‌ی شه‌قامی كوردی كه ته‌نها باسكردنیه له ئه‌نفال.كه‌چی نوسه‌ره‌گه‌وره‌و به‌تواناكان ناتوانن ئه‌وناونیشانه‌به‌كاربێنن- له خۆرانیه روناكبیرێكی گه‌وره‌ی وه‌كو به‌ختیار عه‌لی: بلێ بروا ناكه‌م كه‌س بتوانی تێكستێكی ئه‌ده‌بی داهێنانێكی گه‌وره بۆ ئه‌نفال بنوسێ .. چونكه كاره‌ساته‌كه گه‌وره‌یه گوزارشتكردن لێی به زمانی ئیستاتیكا هه‌له‌یه‌كی گه‌وره‌یه، كه‌چی له‌و لاوه ره‌وێكی بێ ئاگا بێ ئه‌وه‌ی له چه‌مك‌و زهنیه‌تی ئه‌نفال تێبگه‌ن، بۆ پاكردنه‌وه‌ی مێژووی پرشه‌رمه‌زاری خۆیان**

زامی نه‌ته‌وه‌یه‌ك ده‌خه‌نه‌سه‌ر كتێبێك غه‌شیمانه‌ناونیشانی ئه‌نفالی لێ ده‌نوسرێ شانازی به بڵاوكردنه‌وه‌ی له‌و جۆره ده‌كه‌ن، له‌كاتێكداهه‌ندیك له‌وانه نۆینه‌روقه‌له‌می به‌عس بوون، ئه‌مرۆش خۆیان به نوێنه‌ری زامێكی قولی وه‌كو ئه‌نفال ده‌ناسێنن. كاره‌سات ئه‌وه‌یه خودی ئه‌وانه‌ی ئه‌نفالكران‌و مانه‌وه ئه‌و

جەهالەتە قبولڵ ناکەن، یان زاتی ئەوە ناکەن زۆر جارباس لە گێرانەوەی زامەکانی خۆیان بکەن.. بۆیە مەهزەلەی عەقلی بەناو رۆشنبیری کوردی گەیشتووەتە ئاستێك هەروەکو چۆن لە بەعسایەتی کردنی سالآنی بەعسیزم بێشەرم بوو، ئاواش بۆ پاکردنەوە لەو قەلەم فرۆشیە دەستبەکارە، بۆ سرینەوەی مێژوویەك کە مومکین نیە.

**بتوانن خۆیانی پێپاك بکەنەوە دیارە مەبەستم لەچەند نوسینێکە نەك ئەو خەمە گەورانەی نوسین کەشوێن دەستیان دیارە لەم بوارە- ئەوەش بەو مانایە نیە لەسەر ئەنفال نەنوسین؟ .. بەلآم چی بنوسین؟.. کێ خەمی گەورەی ئەم زامە قوڵەی لایە؟ ئەوانەی کە راکە راکەی دەسکەوتی؟ پارەن، یان یان ئەوانەی لەناوخودی شاقولی برینەکانی ئەنفالەوە جوانی دەخولقێنن. ئێمە دەبێ بپرسین دواى 18 ساڵی ئەنفال چ گۆرانێك بەسەر کلتوری ئێمەدا هات؟، سیستمی عەقلیو زمانەوانی ئێمە چی بەرهەمهێنا؟ ئاخۆ ئەنفال ئەو بێدەنگیە قولەی گەلی کوردی لەخەو هەستان؟ یان تاوەکو ئیستا تا ئەمرۆ لە ژێر ئەو ویلآشەدایە هاورێی بیدەنگیەکی ترسناکە .. ئاخۆ دوای را پەرین چەند زمانی جەلاد هەمان زمانی داگیرکەرانی رژێمی پێشووی بەعسە؟ ئاخۆ کلتوری ئەنفال تاچەندە ئەمرۆ بووەتە زمانێکی کۆنترۆڵکەر لە ئەنجامی بێدەنگی زمانی قوربانییەکانی دوێنیێو ئەمرۆ. پاداشتو سرینەوەی شوێنەواری ئەنفال ئەوەنیە تۆ قەرەبووی قوربانیەکان بکەیتەوە، ئەنفالو زمانی ئەنفال کە تا ئەمرۆ هەموو سیستمێکی سیاسی بە پێی باروو دۆخی ولآتەکەی بۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەلآتو بە مێگەل کردنی ئینسان درێژەی هەیەو سوود لەو زمانە وەردەگرێت. باشترین نمونەش زمانی ئەمرۆی دەسەلآتی سیاسی کوردییە، کەبەهەموو شێوەیەك بە جۆرێکی تر ئەم زمانە ترسناکە لە ئەنجامی بێدەنگی بەرجەستە دەکاتەوە.من وای بۆ دەچم دوای کوشتنی سەدام حسین ئیستا 27 ملیون سەدام بە شێوازی جواراو جۆر لە کوچەو کۆلآنی سیاسەتوکەلتورو مالەکان دەژینو هەریەکەیان بە جۆرێك مومارەسەی دەسەلآت دەکەن رۆحی ئەو پیاوە تێکشکاوەیان هەلگردووە، لەهەمووشی خرا پتر لەناوەندە بەناو رۆشنبیریەکاندا خۆی نمایش دەکات، نمایشێك دورە لە بچوکترین ئەخلاقی ئینسانی رۆشنبیر، بەهەق ئێرەکانگای دەسەلآتێکی سیاسی دەمارگیری ولآتی ئەنفالستانە. کەتا ئەمرۆ بە زمانێکی ترو بە ئاوازێکی تربە رێوەدەچێ قسە کردن لەسەر ئەنفال بەو زەلیلایو ساکاریو شیوەن وگریانە بۆخۆشی بەرهەمهێنانەوەی میلەتێکی زەلیل ومەنکوبە ئەگەر لە هۆکارە سەرەکیەکانی ئەنفال نەدوێت و بنە بری نەکەیت، قسەنەکردن لەلایەن دەسەلاتی سیاسیو فەرهەنگیو رۆشنبیری کوردیەوە بۆخۆی خۆشویستنو مەیلی بەردەوامی ئەنفالە بەمانای ووشەکە.**

ئەنفال ئەمرۆ زمانێکی ترسناکترو نهێنیترە لە دوای بەعس لەسەر جەستەو دەرون ئەنجام دەدا ئەنفالی ئەمرۆ زمانێکی سایکۆلۆژی وەرگرتووە. بۆ بەمێگەلکردنو کوشتنو ئیهانەکردنی کەرامەتی ئینسان, شێوازێکی دیکەی سیاسیە بەتایبەتی بۆ سیستمە تۆتالیتێرەکانی ئەم ناوچەیە.

**خەم لەوەدایە سەدامو دارودەستەکەی دەکوژرێنوئەنفال وەکو خۆی بەردەوامە-“ کوشتنی ئەوانیش هیچی بۆ بەجێنەهێشتین! تەنانەت تۆزقالێك برینەکانی سارێژنەکردین، مانەوەو مردنیان بەدەستی یاسا هیچی**

**لەسەر ژیانی ئەنفالستان نەگۆری !.. کە ئاور دەدەینەوە دەنگی مردووەکان هەردێو خێڵو حزبوجەهلیش هەربەدەوامە ,کەواتە سیستمی زمانی وعەقلیو رۆحی ئەنفال جارێکی تر بەرەو گریانێکی تر ی رۆحیمان دەبات، کە زۆر ترسناکترە لە کوشتنی جەستە، گریانی ئەمجارەی ئەنفالیستان گریانە بۆ زیندووەکان، ئەوانەی هەموو رۆژی دەکوژرێنو زیندوو دەکرێنەوەوبە مردوویی بە پێوەن. باشترین کارکردنیش بۆ میللەتی ئەنفال ئەوەیە کەنوسەرانو رۆشنبیران واز لە برینێك بێنن کە تواناى چارەسەرکردنیان نیە، بەڵام لەلایەکی تریشەوە دڵنیام لەوەی رۆژگاری خۆیونەوەی خۆی دێتە پێشەوە کە چارەسەریان پێیە، رەنگە ئێمە کوری ئەم سەردەمە نەبین، داهاتوو دەکەینە ئامانج بۆ سارێژکردنی برینەکان ، داهاتوویەك خەمی رۆشنبیریو کارەکانمان زیاد بکات. تا هیچ نەبێت نزاو شەپۆلی ئەو دەنگانە کۆکەینەوە کە کەس خۆی بە خاوەنیان نازانێ هەروەك ئەوەی کە ئەوە کوردنیە ئەنفالکراوە. بەڵکو میللەتێکی ترە ناوی کوردەلەبیابانەکان بە مردوویی دەژین.**

سەدەی بیست سەدەی جەنجاڵو ترسناکترین قۆناغە کە مرۆڤایەتی بە خوێنو فرمێسكو سەرسورمانەوە ماڵئاوایی لێکرد، سەدە یشۆرشە تێکشکاوو هەرەسە بێکۆتاییوتێکشکانە یەك لەدوای یەکەکانە. باشترین پێناسە بۆ ئەم سەدەیە، سەدەی تراژیدیایە. ئەو قوربانیانەی لافاوی خوێنیان بەری نەگرت.. ئەو مرۆڤانەی لەناو تاریکترین، چرکە ساتەکانی مردنوقرکردن بەخەونەکانیان نەگەیشتن. تەنانەت خەونی مردنێکی سروشتی،سەدەی بیست حیکایەتێك نیە باس لە ئاکامی مردنەکان بکات. باس لە بێزمانی قوربانی بکات، ئاخر ئەو گەلەی بە بێدەنگی قر بکرێوئەتك بکرێت زمانی هەیە؟ یان ئەوەی لەم گۆرەپانی بەربەرییەتە ئامادەیە زمانی جەلادە؟

سەدەی بیست سەدەی پەشیمانیە، خەمە بۆ ئەو قوربانیانەی درانو هیچمان لێیان نەچنییەوە، تەنها پەشیمانیەکی گەورە نەبێت! سەدەی بیست سەدەی هەڵاتنوهەستانەوەیەکی نادیارە بەرەو کارەساتوئەنجامەکانی .. هەموو لایەك دان بە تێکشکانەکان دەنێت، بێ ئەوەی پرسیارێکمان لا دروست بکات! بەڵام دەبێ چ بکرێ تا ئەنفالێکی تر بە شێوازێکی تر روونەدات؟ چ منهەجێکی کارکردن بۆ خوێندنەوەو تەفسیربەکار بهێنین؟

یکێك لە سیفەتە ترسناکەکانی تراژیدیا ئەوەیە وزەیەکە لە سەر چارەنوسی ئادەمیزاد کاردەکات، ئاماژەیە بۆ مەترسیەکی بەردەوام ترسێك کەلەکرداروچالاکیدا ستراکتۆری تایبەتی دادە رێژیتو بەرجەستەی دەکات، وەلە هەرجیگایەکیش رەنگێکی تایبەتی پێدەبەخشێت، ئەوەی لێرەدا پێویستە بووترێت، ئەوەیە کە تراژیدیا کلتورنیە کاتێکیش دەبێتە کلتور ..ئەوەی کە تراژیدیا دروست دەکات ئەوەخودی مرۆڤەکان خۆیانن لە قوربانی ترا ژیدیەوە دەبنە بەرهەمهێنی تراژیدیا. واتە ئەوساتانەی لە تراژیدیا هەڵدێن بەرەو ئامێزی ترا ژیدیا ئەسپی خۆیان تاو دەدەن.

لە تەلیسمە گرنگەکانی سەد سالی رابوردوودا ئەوەی ئێمە سەرسام دەکات، چ وزەیەکی ئەفسوناوی توانی بەو فراوانیە میللەتێك بێدەنگ بکات. یان باشتر بلێم ئەو تەلیسمی بێدەنگییە لە ئاست سیستمی عەقڵی وشۆرشە جەماوەریەکان چین کە تا سەدەی 21 کورد هەرزمانی نەبێ, تا ئەمرۆ تاقەنەتەوەیەکە کە بەو ژمارە زۆرەی دانیشتوانو سەروەتوسامانەکەیەوە، خاوەن نیشتمانو زمانوکلتورو سیستمی سیاسی خۆی نەبێت، یان بە جۆرێکی تر بەرز بوونەوەی تراژیدیا بۆ ئاستێکی بونیادیو سیستمێکی ئاشکراوکۆنکرێتی تەلیسمی سربوونی زمان تەلیسمی شەرەنەکردن لەگەڵ کارەساتدا بەوشە.

باسکردنی من بۆ بێدەنگی ئەو بێدەنگییەیە کە هیچ بێدەنگییەك بەرەو پچرانمان نابات لەهەرقۆناغێکدا بێدەنگی باڵادەست بێت، ئەوا لەو قۆناغە؛مێژوو بەردەوامی خۆی لە دەست دەدات، چونکە بێدەنگی بەواتای نەمانی پەیوەندیە لەنێوان رۆژەکانورواداوەکانو قۆنەغەکاندا.

لەمبارەیەوە بە ختیار عەلی دەڵێت: بێدەنگی یان خامۆش بوون، بریتی نیە لە قسەکردنو نوسین، بەلکو بریتیـیە لە دەستبەرداربوون لەهێزی وشەو لە دروستکردنی خودادا، وازهێنان لە زمان وەك کەرەستەیەکی عەقلوخۆدروستکردن. ئەو رۆژەی نەتوانین تەعبیر لەمرۆ بکەین ئەو ساتە وەك رۆژ بایەخوگرنگی قۆناغیك لە ژیانی ئینسانیەت دەدۆرینین.. کاتێکیش کە ئەمرۆ قسەناکەین ئەوا لە لیستی رۆژ ژمیرەکەدا نابینە مێژوو. مێژوویەك رەنگە تراژیدیای ئەنفال لە ساتێك لە ساتەوەختەکانی ئەو رۆژمێرەوە بە پیتێکی ترو ژمارەیە لە دەرەوەی ژمارە کانی ترەوە بنوسرێت ئەویش دەقاودەق ..(ئەنفالستانە)

گەلی کورد یەکێکە لەو میللەتانەی روبەرێکی درێژوو مێژوویەکی خەجاڵەتبارمان لەگەڵ بێدەنگیوخامۆشیدا هەیە، بەردەوام ئاور لەدواوەی خۆمان دەدەینەوە نەك بەو مانایەی رابوردوو فێرمان بکات، بەلکو ئاوردانەوەی گشت قۆناغەکان هەر بۆدواوە ترسێکی گەورەیە، لە تازەگەریو کرانەوە بەرووی جیهاندا .. چەندین سەدەی دورو درێژو پرلە رووداو وپرسیار و وەڵام لەبەردەمماندا شەپۆلیان دەدا چەندین سەدەی توناو توون لەبەردەمماندا بێ دەقو بێ ئاسەوار بێ پاشماوەی کوژراوەکانیشمان ، بێشکۆی دەسەڵات لە نیشتمانەوە خامۆش وەستاون، کە ئاوریش دەدەینەوە بیدەنگی ترسناکی سالەکانو سەدەکانو بەچۆلی خۆیان پێشوازیمان دەکەن..ئەوەی کەلەو چۆلە بیابانە دەستمان دەکەوێ تەنها چەند ورتە ورتودەنگوهاواری پچرپچروقیژە قیژی نێو کۆمەڵی ژن زیاتر هیچ نابیستین، کەناشکرێ بەدروست لەناو هاژەو وەحشەتی بێدەنگیدا ماناکانیان دیاری بکەین، ئەمەش هیچ یەك لە مێژووی ئەو رۆژ ژمێرە تۆمار ناکات کە ئێمە وەك هەر کۆمەڵگایەك دەمانەوێ تۆماری بکەین.

بەڵام ئاخۆ بێدەنگ بوونی گەلی کوردیش لەناو کلتورێکی دەولەمەندی وەها دەرو دراوسێدا چییە؟

لێرەدا ئەوەندەی پێم بکرێ قسە لەسەر بێدەنگی دەکەم یان ئەو زمانەی جەلاد بۆ؟ ئەی هۆکارو

ئامانجی ئەم جینۆسایدە بۆ؟ وەگەلی کوردستان لە نێوان تراژیدیاو جینۆسایدوسەدەی بێدەنگیو ئێستا لە کوێ وەستاوە؟ پەیوەندی نێوان ئەنفال‌وکلتوری ئەنفال‌وکلتوری بێدەنگی چییە؟ ساتەوەختی مرۆڤی کوردوپەیوەندی بەجیهانەوە چییە؟ ئەرك‌و وەزیفەی کورد لەناو ئازارەکانی ئەنفالستان چیە؟ ئەگەرچی من بۆخۆم تەواو دڵنیام لەم سەردەمە رۆمانی ئەنفالستانی گەلی کورد بە هەتیمیو بێ باوك‌ودایك تاساڵانێکی زۆر دە مێنێتەوە لەو بروایەشدا نیم کەس بتوانی ٙتێکستێکی ئەنفال وەکو ئەدەب وجوانی بنوسێتەوە !

ئەنفال بۆخۆی روداوێکە لە پێناوی درێژەدان‌و جوانکردنی مەرگ درووست بووەو لە ژێر ئەو بینا گەورانەی شەپۆلی دەنگە دەنگی مردووەکانی کورد تەنها بۆخۆیان‌ودونیای بێ وێنەو بێکسیو تەنیایی خۆیان ئەدوێن‌وشەپۆل ئەدەن..شەپۆلێك مەگەر خۆرەتاو تاریکیەکانی ئاشکرا بکات، دەنا وەزەیەك نابینم لە هیچ شوێنێك ئەو زمانە ئەفسوناوییەی هەبێت!

(لای من گەوەرەترین گۆران لەمێژووی سەرتاسەری کورد دا ئەو رۆژە دەست پێدەکات کە دەنگی مردووەکانی ئەنفالستان دەکاتە زمانی زیندووی نوسین)

## ئەنفال‌و بیرکردنەوە لە جهانێکی دیکە

ئەنفال بۆخۆی سەرەتای بیرکردنەوەیە، لەدونیایەکی تر.. ئەم کارەساتە شەرعیەتی تێگەیشتنەکانی خۆیمان پێدەدات، کە هەموو سێبەرو تاریکیو دەمامکەکان لابەین‌و چیتر رەحم بەکەس نەکەین. بەرانبەر رابوردوی شەرمن وخەجاڵەتباری خۆمان .. بەلای منەوە لەدوای ئەنفال رابووردو تەنها بەو چاوەوە سەیرناکرێت ، یانی تەنها قۆناغێك نیە لە مێژوودا کۆمەڵگاش تەنها پێکهاتەیەکی دیاریکراوو پێکەوە ژیانی کۆمەلە خەڵك نیە، ، بەڵکو رابوردوو کۆمەڵگاش پێکەوە قەسابخانەیەکی ترسناك دروستدەکەن، لەدوای ئەنفال جەنگ لەدوای ئەم پێکهاتە باڵادستەی ئەمرۆ جەنگ دژی ئەم چۆنایەتیەی ئەمرۆ.. تەنیا جەنگی بیرو بۆچوونێك نیە، دژی بیرو بۆچونێکی دی، بەڵکو جەنگ لەپێناوی ژیاندایە.

لەدوای ئەنفالیش لەوە تێدەگەین، کە شەرنابێت بەتەنها لە پێناوی مانەوەدا بێت، بەڵکو دەبێت لەپێناوی ماناکانی مانەوەی ژیاندا بێت، مانەوەیەك لە سنورە خراپەکانی بندەستی دەربازی بێت جەنگێکی گەورە لەپێناوی‌شەرەفی زیندووی ئینساندا بێت، .. چونکە ئەنفالستانەکەی ئەمرۆش شەری ئەمرۆ بەوئاراستەیە دژی ئەکەیت، نامان پارێزێت لەفەرهەنگی جەلادوقوربانی ,کەس ناتوانێ خودی ژیان بپارێزێت، کە ئەنفال کرا سالەکان هاتن‌و تێپەرین‌و پێیان وتین : بۆئەوەی تۆش بەو دەردە نەبرێیت، پێویستەدەستکاری ئەم کلتورە سەقەتە بکەین: کە کەسایەتی تۆی بە کوردی شێواندووە، .. بۆیە دەبێت بە

جۆرێکی تر له مەنتیقی جەلادو قوربانی بدوێین، وەله دوای ئەوجینۆسایدە بیرلەمانەوە بکەینەوە، هەمووشمان دەبێت باش ئەوە بزانین کە ئەنفال کردەوەیەکی مەنتیقی بوو، له ساتێك لەساتەکانیمیللەتێکی بێدەنگ و میگەل ئاسا دوای قەدەری خۆی کەوت.

ئەگەر ووتمان ئەنفال نامەنتقیه وە دژی مەنتیق دەسەلاتی هزره، ئەوەیەکسەر ئەمانەوێت بلێین: ئەنفال له سروشتی ئەو سیستمه تیروانینەوه نەهاتووه، کە جیهانی ئێمەو جەلادەکانی پێکەوە گرێداوە، ئەمه وێستگەیەکی نابەجێیە. . چونکه ئەنفال بۆخۆی بەرهەمی کارکردنی سیستمێکە دەرئەنجامی کلەکەبوونی کلتورێکه سەدان ساله لەو چوارچێوەیەدا ژەهری خۆی دەرێژێ. هەموو داگیرکەرێکی دنیا له سەرچاوەروانی داگیرکراو هەلوێست وەدەگرێت، سەیری پێشبینیوچاوەروانیەکانی کەسی داگیرکراو دەکات، ئەم داگیرکردنه درێژ خایەنەش بۆ خۆی شێوازێکی ئالۆزتر دروست دەکات، مێژووی مرۆڤی کویلەوبندەست مێژووی ترس‌وقەلاچۆکردنە، کۆیله پیاوێکه (کەسێکه) بەردەوام له چاوەروانی مردندا دەژی ئەم چاوەروانیەش ئاستی ترس‌وملکەچی بەرجەستەدەکات، داگیرکەریش بەردەوام بەدوای ئەوخالانەدا دەگەرێ کەوێنەیەکی رونتری پێدەبەخشێت، بەردەوام لەوە دەکۆلێت کەداگیرکراو لەچی سلدەکاتەوە، بەچی سوجدەدەبات؟ چۆن فەرمان‌وملکچی قبولّ دەکات؟ .. داگیرکەرانی کوردستان سەرکەوتن‌و مانەوەیان پابەندی ئەو وێنەیەیە کە بۆخۆیانی دروست دەکەن.

## زمان و گێرانەوەی ئەنفال

ئایا زمان دەتوانێ گوزارشت له کارەساتێکی وەك ئەنفال بکات؟ ئەی خودی زمانی ئەنفال چی یە؟ ئەی ناکرێت ئەو بێدەنگییەی کە ئەنفالی دروستکردو یان بەرانبەر ئەنفال هەیە خۆی بچوکی زمان بێت لەبەردەم کارەساتە ترسناکەکاندا، ئاخۆ تاچەندە زمان دەتوانێ ئەم تراژیدیایە رۆشنبکاتەوە؟

بەختیار عەلی دەلێ : ((زمان ئەوساتە دەبێتە کەرەسەیەکی خیانەتکار کە ناچێتە ژێرباری وەسفکردنی هەموو مردنەکان کە وردەکاری چارەنوسەجیاکان‌و رەنگی دووبارە نەبووەوەی مردووەکان لەناویەك دیاری نەکراوەکەی بەومانایەی کە وێستگەیەکی گشتییەو هەمووان پیادەرۆین.. زمان لەم وەسفە سیاسیە بەرینەدا بەرلەوەی ژانی مردووەکانمان بیان بات، وێنەیەکی گشتی مردنمان بۆ دەکێشێت، وێنەیەکی گشتی ترس‌وئازارمان بۆ دەکێشێت وەسفێکی سەرتاسەری دیمەنە ترسناکەکانمان بۆ دەکات،لەپشت ئەو بابەتەشەوە هەمووان بەناچاری دەکەوینە قسەکردن. لەسەر پرۆسەی مردنێکی گشتی دەکەوینە دوان لەسەر شتێك کەبە ئەنفال ناسراوە))

بەلای منەوە تواناکانی زمان‌و هێزی نوسین زۆر لەوە بچوکترە ئیستا یەك بەیەکی جیهانی مردووە

تاریکی مردووەکان ڕوونبکاتەوە.کێ دەتوانێ چرکەساتی بەرلە مردنی منالێکی ئەنفال رستەیەکی شایستەی بۆ بنوسێت، یان هونەرەبالاكانی شێوەکار خەتی دەموچاوی ئەو ئازارە بکێشێت کە خۆشی نازانی کە کێ دوا رەنگەکانی دەکێشێ‌و چۆن دەیکێشێ‌و بەرەو کام رەنگی مردنی خۆی دەیبات!؟ کێ دەتوانی؟!

قسەکردن لەسەر ئەنفال قسەکردنە لەسەر مەرگ مەرگی دەیان هەزار ئینسان، لەلای منیش ئەوە بۆخۆی مردنێکە بەرلەدایك بوونی مردن لەدایك بووە، چونکە سەراپای رەنگ‌ودەنگی جیاوازی مردنەکان قسەکردنە لەسەر وێنەیەکی مردن.. مردنێك بەرلەوەی ئەوان وێنەی بکێشن ئێمە رەنگ‌و شێوازەکانمان بەو بێدەنگییە پێشکەش کردن. وێنەیەك لەدەرەوەی سروشتی مردن‌و بە دۆزەخکردنی مردنێی جەهەنەمییانە. رەهەندی سیحراوی زمان دەبێ وەزیفەی دارشتنی وێنەی گشتی‌وداتاشینی وشەی سەرتاسەری لەیەك کاتدا هەبێ وەسفکردنی ژمارەیەکی زۆر لەشتی جیاواز بەکاربێت ئەمە خۆی یەکێکە لە رەهەندە سیحراوییەکانی زمان کە بێ ئەم رەهەندە بوونی زمانیش مەحاڵە.

بەلام بۆ تابلۆی ئەنفال ئەم زمانە تەواو جیاوازە، هەموو قەلەمەکان، سەپۆلەو سەرسام‌و سردەبن .. بێهیزی زمان لێرەدایە.. زمان زۆر کات کارکردنەکانی لەسەروێنە ترسناکەکان توانای شیکردنەوەو هێلە گشتی‌ووێنە زیندووەکانی نیە. کاتێ زمان ئەتوانێ گوزارشت لەئەنفال بکات کە ئەو وێنە گشتیەمان لابسرێتەوە، کەلەلای ئێمە هەموومردوەکان هەمان وێنەیان هەیە، دەبێ خسوسیەتی هەرمردوویەك وێنەیەکی بپارێزرێ‌وهەموو پیاوکوژەکان بەهەمان شێوە وەسف بکات، بگاتە ئەو راستیەی کە بۆچی جەلادو قوربانی لەبەردەم یەك بێدەنگی تەنها پەیوەندی مردن بەیەکیانەوە دەبەستێ .. لە ئەنفالدا روبەرێك هەیە دەکەوێتە ئەو دیوو سنوری گوزارشتکردنەوە ئەو دیوی سنوری زمانەوە ، زمان ناتوانێ بگاتە ناو ئەزموونی ئەوانەی کە چیتر لە سومبولێکی گشت مردندا بێت، لێرەشدا خودی زمان لەبەردەم سیحری جەلادو وزەوتواناکانی سەرسام دەبێت. زمانیش بەناچاری باز بەسەر چیرۆکی چارەنوسە جیاوازەکاندا دەدات.

درندایەتی ئەنفال والەمرۆڤ دەکات بلێ : کەبەرانبەر چەمك‌و زاراوەی مردن ئەنفال هەیە، کە هیچ ماناو وەسفێکی زمان ناتوانێ ئابلۆقەی بدات‌و وەسفی بکات.

لێرە تەنها تەعبیرکردن نیە لە ئەنفال بەلکو جوانیش بۆ شەرێکی وەها ترسناك‌ودزێو مانای نامێنێت، بە شێوەیەك لە شێوەکانیش بێ مانایە بە جوانی زمان شەر لەگەڵ ئەو عەقلە وەحشیانەیەدا بکەیت، کە نەخشەی ئەنفالی کێشاوە خۆ ئەگەر بشمانەوێ بە حەقیقەتی ئەنفال بگەین، حەقیقەتی ئەنفال لە ئاشکراکردنی تاڵترە. ئەمەش بەو مانایە نیە بێدەنگی هەڵبژێرین بەلام ئەنفال دەکەوێتە ئەودیو تەلبەندەکانی زمان‌وتەعبیرو وەسفەوە نەك راڤەکردن وخوێندنەوە.

بەلکو دەبێت ئەنفال لە پشتەوە زمان دوبارە بۆ ناو جەوهەری ئاراستەی خۆی بگەرێت.. دەکرێت لە

ڕێگەی ئەنفالەوە جارێکی ترئەنفال نەکرێت.. بەلکو دەبێ ئەنفال خۆی زمانی ڕۆژهەڵات وەسف بکاتەوە .

ئەنفال رابوردوو نیە بەقەد ئەوەی تا زهنیەتی تراژیدیا مابێ لە پێش هەموو کەسێکمانەوەیەو ڕۆژێك لە ڕۆژەکان دوبارە دەبێتەوە.  بەڵام سەبارەت بە بواری تر دەکرێت ئەنفال کەرەستەیەك بێت بۆ راڤەکردنی جیهانیش، من خۆم  بە درێژایی چەندین ساڵە دەبینم کار بۆئەنفال دەکرێت لە بواری هونەروئەدەبدا زۆرم بیستو بینی ناوی ئەنفالیان لێنرابوو ئەمانەش کەسانی بێ تواناو هەندێ جاریش کەسانی نەفام بوون دەستیان دەدایە ئەو کارە قورسە. بەشێکی زۆر لەو ساویلکانە ویستیان لە ڕێگەی کارەساتێکی وەکو ئەنفالەوە گەورەیی‌و شکۆ بدەنە نوسینەکانیان، بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا نوسەرو خوێنەری باش پەیدا بوو تاقەڵەمە قەزەمەکان نەتوانن بە ئارەزووی خۆیان ئەو زبالەیەی لە چەند لاپەرەیەکدا دایان رشتووە، بیخەنە بەرچاووی خەڵك  ئەوانەش هیچ کاتێك کارکردن نەبووە بۆ ئەنفال بەڵکو ئەنفال وەکو خۆی لەو بیابانەدا ونە تارۆژگارێکی دی ماوەتەوە. لەناو ئەم گێژاوە دێرینەدا وێنەی مەرگ شوێنێکی گرنگی داگیر کردووە. لێرە لەم ئەنفالستانە مەرگ دروستکەری قارەمانە ئەوەی دەکوژرێت بە کوژرانی شانازییەکی تر دەخاتە سەر شانازییەکانی ئێمە ئەوە مردووەکانن ئێمە جوانتر دەکەن، وادەکەن بەبێ مردن نەتوانین شانازی بەژیانەوە بکەین، وەك بەختیار دەڵێت: لەم وڵاتە چیرۆکی مەرگ چیرۆکی داستانوقارەمانێتیە ئەوە مردووەکانن ئیرادەی ئێمە لەسەر بەرگی کۆلنەدان بەرجەستە دەکەن،... بەڵام کاتێك کە ئەنفال دێت وێنەیەکە دەگۆڕێتە سەروێنەیەکی تاڵ ..مردن لە ئەنفالدا مردنێکی تاکەکەسێك نیە، بەلکو مردنی نەتەوەیەکە، کە بە بێدەنگی دەمرێت، کە ئەنفال هات  چیدی وێنەی نەتەوەی قارەمان نەما.. ئەو وێنەیە نەما کە کورەکانی دەکوژرێن‌و هێشتا تفەنگەکان هەربەدەستیانەوەیە گوللەی لێنایەتە دەرەوە.  ئەنفال کەهات نەتەوەی میگەل‌وبێدەنگی لێکەوتەوە لەدوای ئەم کارەساتەوە چیدی ئەم میللەتە شانازی بە جوانی‌وخود ئەڤینی‌و سەرسام بوونی خۆی بکاتەوە.. لەدوای ئەنفال وێنەی قارەمانی تێکشکاومان لایە.. ئەویش بێبەرگریکردن دەستەوسان مردنێکی زەلیلانە دەمرن. مردنێك کەمردنی پێشمەرگە نیە.. لەگەڵ ئەنفالدا بەعس‌وکلتوری عەرەب پێی وتین مردنی جەنگاوەرانە کۆتایی هات،  ئیدی ڕۆژگاری مردنی بە کۆمەڵ دەستی پێکرد، لێرەدا جەنگاوەرێك‌و منداڵێکی بێدەسەڵات هیچ جیاوازییەکیان نیە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا وێنەی کورد وەك وێنەی نەتەوەیەکی زەلیل پیشاندەدات، کە بەبەر چاوی خۆیەوە هەزارانی لێراپێچ دەکرێت بۆناو چاڵەکانی مردن، بێئەوەی هیچ بڵی‌وبە بێدەنگی کۆتایی بەسەردەمی زێڕینی قارەمانەکان دەستپێدەکات.سەردەمیکۆیلایەتیەکی تازە هاتۆتەکایەوە

لەئەنفالدا مردووەکانمان فریای هیچ نەکەوتن..فریای حسابکردنی مردووەکان نەکەوتن. لەهەمووی کارەساتبارتر ئەوەیە کە زیندووەکان وەکو ئێمە ئەو شەرەفەمان بەدەست دەکەوێت کە ئەنفال سەرەتای شەرمێکە بۆ ئێمە کەلەگەڵ ڕەجعیەتی دەماخسزانەی تاکی کورد ناگونجێ ، ئیتر چیدی پێویست ناکات، کورد ئەوەندە نەزان بێت هەروابەلووتبەرزی‌و ئینکاری بە وێنەکانی رابوردووەوە بنوسێ‌و شوناسێکی

خورافیمان بداتێ ، کە وانیە.

**ئەنفال و جینۆساید**

جینۆساید ووشەیەکی نوێ یە بۆ تاوانێکی دێرین، **بڕیارنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەم جۆرە دەست پێدەکات کە بۆیەکەمینجار یاسا ناسی پۆلۆنی (رافایل لیمکین) لەسالی 1944 لە کتێبیکدا بەناوی یاسای میحوەری لەداگیرکردنی ئەوروپا ئەم ووشەیەی بەکارهێناوەو تا ئەوکاتە ئەم وشەیە لە هیچ فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیایەکدا نەبووە، هەرخۆشی داهێنەری ئەم تێرمەیە کە لێکدانی پیشگری یونانی (بەمانای نەتەوە، خێڵ، تایەفە) وە پاشگری لاتینی بەمانای کوشتن دایتاشیوە، جینۆساید بە مانای لەناوبردنی بە ئەنقەستی هەموو یان بەشێکی کەمایەتیەکی رەگەزی –ئاینی- تایفی- ئیتنی- یان سیاسی دێت لەلایەن حکومەتەوە یان دام و دەزگای پیاوەکانیەوە.. هەروەها تەنها کوشتنی بەکۆمەڵ ناگرێتەوە، بەلکو برسی کردن و بەزۆر راگوێزان وودەستبەسەرکردن( حجز )ی سیاسی وئابوری وبایلۆجیش دەگرێتەوە.**

جاك نوسان پۆرتەر دەستنیشانی ئەوەمان بۆ دەکات کەجینۆساید سێ ڕەگەزی سەرەکی لە خۆی دەگریت ، ئەویش ئایدۆلۆژیا..تەکنەلۆجی وبیروکراسی ودامودەزگا

1-**ئایدۆلۆجیا جەلاد بۆ لە ناوبردنی قوربایێ کەی** بەکاردێنێ وەکلیلی کردەی جینۆساید،ئەم ئایدۆلۆژیایەش بەزۆری لە سەرزەمینەیەکی ڕەگەزپەرستانە یان ئاینییەوە دێتە کایەوە شەرعیەت بە هەرکردەیەك دەدات چەند دڕندانەش بێت، ئەوپروپاگەندەیەش کە بۆ بالاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیا دەکریت وێنەیەکی وا نامرۆڤانە دەبەخشێتە قوربانێکان کەپەلاماردان ولەناوبردنیان ئاسان بە ڵکو حەڵاڵە

دەبێت..هەروەها وشە گەلێ وەکو کافر وتێکدەر لادەر خیانەتکار جاهیل دواکەوتوو.. کەواتە ئایدۆلۆژیا شەرعیەت دەبەخشێتە جەلاد بۆ جیێ بە جێکردنی تاوانەکەی.

هەر لەم ڕوانگەیەوە کە ئەرمەنیە مەسیحێکان لەلایەن کوردو تورکە موسلمانەکانەوە بەنەزان و دەبەنگ یان کافران ناوبران لەوەش پڕمەترسیتر وەك مەڕیك سەیرکراون کەسەربڕێن وکوشتنیان حەلاڵە هەر هەمان دەستەواژە موتیڤی جێنوسایدکردنی جولەکە وقەرەجەکانیشە لە لایەن نازیەکانەوە.

لە جەنگی جیهانی دووهەمدا ئایدۆلۆژیای ڕاستی نازیزم کەخەڵکی ئەڵمان بە خاوەنی شوناسێکی ڕوون وئاشکرا دادەنێت کە لە سەر بنچینەی خوین پێکهاتووە جولەکە وقەرەج وهۆسیکشۆلەکان ئەوانەی لەگەڵ هاو سێکسی خۆیان جووت دەبن.. واتە ژن لەگەڵ ژن و پیاو لەگەڵ پیاو بەنامرۆڤ دیاری دەکات ئەوانەی بە رەسمی بەشێك لە ڤۆلك بوون بەلکو غەریبن کەسەر بەرەگەزی بەشەرنەبوون، لە کاتێکدا ئەڵمان

سەربەگەورەترین وپایە بڵندترین رەگەزی ئاریایی بووە، بۆیە دەبوو بۆ پاککردنەوەی رەگەزی ئاریایی پاراستنی ڤۆلگی ئەڵمانی هەموو لە ناوبرێن، ئایدۆلۆژیایەکی لە سەربنچینەی راسیزمو ئەو فۆرمۆلە نوێیەی هێلین فاین وەسف دەکات دامەزراوە.. مەرجی سەرەکیوجەوهەری جینۆسایدە ئەو ئایدۆلۆژیایەیە قوربانی ریسوادەکاتو دایدەبرێت لەکاتێکدا جەلادەکان لە کردەوەو راوەدونانە جینۆسایدیەکاندا مۆبیل دەکات.

2/ تەکنەلۆجیا لەم سەردەمەدا یەکێك لە رەگەزە ئاشکراکانی جینۆسایدە. لەکاتێکدا دەوڵەتی نەتەوە مۆدێرنەکان هەرچی زیاتر بواری تەکنەلۆجیادا پێشدەکەونو هەرچی تەکنەلۆجیای مەرگە کاریگەرتر دەبێت لەکاتێکدا لە جینۆسایدە کۆنەکاندا بیرورای تر بەکارهاتووە، بەڵام لەسەردەمی ئیستادا تەکنەلۆژیا کوشندەترین چەکی جینۆسایدە.. هەروەکو چەکی کیمیاوی دژی خەڵکی هەلەبجە .. ژوری گازەکانی نازیەکان.

3/ بیروکراسی لە بەرێوەبردنی جینۆساید دا، رۆڵێکی گرنگ دەبینێ چونکە جینۆساید پێویستی بە کۆمەڵێك دامو دەزگای چالاك دەبێت، بە ئۆرگانیزەکردن.. چونکە خۆرێکخستنو بەریوەبردنی سیستماتیکانەی ئەو گروپە سەربازیو مەدەنیو جیاجیاکان گواستنەوەو رێگاوبانەکان گرنگیەکی گەورەی هەیە لە پرۆسەی جینۆسایدکردندا.

لەمێژووی کۆی جینۆساید دا شێوازەکانی عەفەوی بووەو رۆلی خۆی بینیوە هەروەها بە زۆری رقوکینی ئاینی داینەمۆی شەرو کوشتارە خوێناویەکان بووەو پرۆسەی ڤرکردنی دوژمن بووە. بەڵام لەئێستادا جینۆسایدی مۆدێرن کوشندە ترینیانە بە هۆی ئالۆزی و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە ..ئەمەش زیاتر پێویستی بە مەهارەتی لۆژیکیو ئۆرگانیزە کراو دەبێت .. بە جینۆسایدی بە ئەنقەستیش پلان بۆ دانراوی مۆدێرن دەبێت لەیەکەم هەنگاودا وەك تاوانێکی ئۆرگانیزە کراوی دەوڵەت بناسرێت و تاوانی واش لە یەك کاتدا پێویستی بە بیرۆکراسیەتیەکی زۆر ئالۆز دەبێت.

جینۆساید بەپێی بریارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان جینۆساید سالی 1948 لە مادەی دووهەمی بەیاننامەکەیدا بەمانای هەریەکێك لەم کردەوەوپرۆسانەی خوارەوە دێت کە بە ئەنقەستو بەمەبەستەوە ئەنجامدرابێت بۆ لەناوبردنی هەموو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەیی، ئیتنی، ئاینی، رەگەزی :

1 کوشتنی ئەندامانی گروپەکە.

2 گەیاندنی ئازارو زیانی گەورەی جەستەیی یان دەروونی بە ئەندامانی گروپەکە.

3- **بەو مەبەستەی ببێتە هۆی دارمانوتێکدانی فیزیکی** هەموویان بە شێکی ئەو گروپە.

4- **سەپاندنی هەندێك ئیجرائات بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە** منداڵبوون لە ناوگروپەکەدا.

5- **بە زۆر ڕاگواستنی منداڵانی گروپەکە بۆ لای گروپێکی** تر.

تاوانی جینۆساید لە هەموو سەردەمێکی مرۆڤایەتیدا ئامادەبووە، بەڵام پیش سەردەمی ئێستا مان، بە دەگمەن نەبێت هەمیشە لایەنێك بووە لە جەنگ یاخود لە سەدەی شانزەهەم و نوزدەهەمدا لایەنێك بووە، لەلایەنەکانی پێشکەوتن و گەشەکردنی هەروەها جینۆساید بە سەردەمێکی دیاریکراودا دەردەکەوێت.. فتوحات چەوسانەوەی ئاینی ..دەست بەسەراگرتن و داگیرکردنی کۆلۆنیالی .. بەڵام لە سەدەی بیستەمدا جینۆساید بووەتە ڕوداوێکی زۆر باو زیاتر لەمەش شێوە جیاجیاکانی وەرگرتووە، لەم سەردەمەی خۆشماندا بووەتە خاڵی یەکگرتنەوەی هێزە تێکدەرەکان. لەم ڕووەشەوە تەنها شارەزایانی جینۆساید چوار جۆری جینۆساید دیاری دەکەن.

دورخستنەوەو نەهێشتنی هەرەشەو مەترسی دوژمن یان گروپی بەرانبەر.

ئەنجامدانی تیرۆرو تۆقاندن.

3 – دەست بەسەردا گرتنی سامانی ئابوری.

4 - **سەپاندنی باوەڕێك یان تیورێك یان ئایدۆلۆژیایەك بە** زۆر.

بەڵام بەربەریەکانی بەعس زۆر جیاوزە لە ئەنفالەکانی بەناوفتوحاتەکانی سەرەتاکانی ئیسلام و سەردەمی دابەزینی قورئان و پاشانیش نوسینەوەی لە سەردەمی خەلیفەکاندا، تارادەیەکیش جیاوازە لە لەهێرشی سەردەمی خەلەفاکاندا بۆسەرمیللەتانی تری ناوچەکە ئەنجامیان داوە.

ئەگەرچی ئەنفال وجینۆساید پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە بەڵام دوو چەمکی جیاوازن، ئەنفال بەمانای تاڵانی وفرکردن دێت، کێشەیەکە لەکاتی جەنگدا دێتە پێش لەگەڵ ئەوەشدا ئەنفال بەشێکی دانە براوە لە جینۆسایدو بە هەموو پیوانەکان دەچێتەخانەی تاوانی جینۆسایدەوە کە بەتاوانی نیونەتەوەیی دەژمێردرێت، بەپلەی ئەو دەرەنجام و وەزیفەی بەرجەستەی دەکات... هەروەها تاڵانکردنیش لەلایەن قورئانەوە ڕیگەپێدراوە بەپێی شەریعەت، ئەمەش بەوکەسانە بەخشراوە کە لەپێناسەی ئاینی ئیسلامدا شەردەکەن، هەروەها بە جەنگاوەرانی ئەویش بەواتای جیهادکردن، ئەمەش لە پێناوی پاراستن وپەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی ئیسلام.

کاتێك ئاینی ئیسلام غەنیمە حەڵاڵ دەکات ئیماندارەکان هەرچی زیاتر هاندەدرێن، بۆ پەلاماردان، چونکە تالانی بۆخۆی تەماحێکی گەورەیە لەبەردەم مرۆڤدا، بۆ هەرچی زیاتر درندایەتی کردن.. لە ئاینی

ئیسلامدا ئایەتی ئەنفال بەئاشكرا دان بە حەڵاڵ كردنی غەنیمە دادەنێت، لە كۆتایی هەفتاكان‌وسەرتای هەشتاكاندا ئیدی زۆر بەئاشكرا بەعس هەولیداوە ئەو بەرگە ئاینیە بپۆشێت، ئەمە یەكێك بووە لە تاكتیكە هەرەكاریگەرەكانی.. بەڵكو لەسەرەتاوە بەعس لە ئایدۆلۆژیای سیاسیدا حسابی جدی بۆ ئەو رەهەندە ئاینیە كردووە.

وەك میشیل عەفلەق دەڵێت: ( شۆرشی عەرەبی بەعس لەرەگەزدا پاككردنەوەیەكی مۆدیرنانەی شۆرشی ئیسلامی چوار سەدە لەمەو بەرە). بەعیسیش هەمان تاكتیكی تالآنی كردووە.) لە كۆتاییەكانی سەدەی شەشەمی زاینیدا پێغەمبەری موسوڵمانان، باش لەوە تێگەیشتبو، كە خیلەكەی رێگەیەكی خراپیانگرتووەتەبەر، بۆ گۆرینی ئەو دۆخەش پێویستیان بەئایدۆلۆژیایەك هەبوو تا گورێكی دی بدەنەوە بە ژیان‌و شێوازی پەیوەندیەكۆمەڵایەتیەكان دیاری بكەن، .. چونكە ئەوەی دیارە هەرسێ ئاین توحیدێكە لەسەرەتاوە هاوتای بزووتنەوەی كۆمەڵایەتی كێشەی چینە چەوساوەكان بوون. بەڵام كاتێ بوون بەنوخبەی ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتدار ئەوانیش دەسەڵاتەكەیان لە دژی خەڵك بەكارهێنایەوە. بۆیە پاشتر جوڵانەوەی نەتەوایەتی‌و میلیشیاكان دژی دەسەڵاتی ئاینی دەوەستنەوە، مەسیحیەت، لەزمانی مەسیحیەتی خۆیدا پاشنیش لەسەرەتای بلآوبوونەوەیدا، بەرگری لە هەژارو چەوساوەكان دەكرد، دژی دەسەڵاتدارانی یەهودی‌و سەركردەكانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی، دواتریش كە بەشێوەیەكی فراوان بلآودەبێتەوە پاپاویەت سەرهەڵدەدات بۆئەوەی دەسەڵاتی سەرتاسەری ئاینی زاڵبكات‌و سنورێك بۆ پاشاو ئەمیرەكان دابنێت.. بەكاریانبهێنێ بۆ مەرامی دەسەڵاتە ئاینیەكەی، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی كاتۆلیكدا دەست دەداتە دەستی فیودالەكان‌ولەوێوە دەبێتە دەزگایەكی داپلۆسێنەر ی جوتیاران‌وهەژارانی چەوساوە، هەربۆیەشە هەستی نەتەوایەتی دژی دەسەڵاتی ئاینی پەرە دەسێنێ‌و دوای ئەوە پاپاویەت هیدی هیدی پاشەكشە دەكات.

**ئەراگۆن دەڵێت :- محەمەد وەك مەسیح بەرەو رووی دەسەڵاتێكی مەركەزی بەهێزی وەك ئیمپراتۆریەتی رۆمانی نەبووەوە، بەلكو دەبوو سیستمێكی سیاسی نوێ بهێنێتەكایەوە كە لەسەر سیمبولیزمێكی ئاینی نوێ بەندبێت.**

خەونی پیغەمبەر خەونی ئیمپراتوریەتێكی عەرەبی بوو، چونكە خێڵەكانی عەرەب لەوسەردەمەدا پەرش‌وبلآوبوون، لەولاشەوە بە دوو ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی‌و ساسانی ئابلۆقە درابوو.

### رۆلی راسیزمی خێڵەكانی عەرەب‌و رێخۆشكردن بۆ ئەنفال

راسیزمی عەرەبی دەرئەنجامی قۆناغی دوای سەرهەڵدانی شارستانیەتێك‌و خود كەشفكردن نیە لەبەرانبەر ئەوانی تردا، هەڵبژاردنێكی ناچاری ساتی بنیاتنانی پرۆژەی رۆشنبیری عەرەبی‌و دەوڵەتی

عەرەبی ئیسلامی نیە.. بەڵکو لە دایکبوونی ئەم چەمکە هاوکاتی پرۆژەی عەرەبیە کە هێشتا پرۆژەیەکی خوداییە، واهێشتا وێنە خەیاڵیەکانی لەدەقدایە.. واتە (قورئان) کاتێ خودا گەلێك لەگەلان دەکاتە سەردەستەی ئەوانی دی بارودۆخەکە شێوەیەکی تر لەدەسەڵاتی جەبریانە وەردەگرێو هەموو توخمێکی ئازادیوکەرامەتی ئینسان لێرەوە پێشێل دەکرێت، .. بێگومان ئەم بیرۆکەیەش بۆئەوەی ببێتە چەمكوگوتاری گشتی ئیدی پێویستی بەهیچ بنەمایەکی مەعریفیوتیۆری نیە.. بەڵکو خۆی لەسەر دووکۆڵەکەی ئەخلاقی رادەگرێت، ئەویش گورینی دەقە وەکو قورەیشیەکان دەیانووت: بۆ گیانێکی پیرۆز. دووهەم خولقاندنی ئیمانە بەرانبەر دەقوناواخنەکانی، ئەم شێوەیە کاتێك دەق دەگۆرێت بۆ قورئانی پیرۆزو دەبێتە خوداو دەبێتە خولقێنەری ئیمانێکی دەستەجەمعی ، ئیدی خودا لەوێوە پرۆژەی عەرەبی ئیسلامە بە هەموو وەهموگرێ نەستییەکانەوە، چرکەی پێکهاتنی خۆی رادەگەیەنێتو تا ئەمرۆکەش بەردەوام دەبێت.

دەکرێ مێژووی خوێناوی فتوحاتەکانو چوونە دەرەوەی عەرەب لە جەزیرە بە هەنگاوی سەرەکی پێکهاتەی ئو پرۆژەیە دابنرێت، کە نەیتوانی لە جەزیرەدا قۆناغی فۆرمۆلە بوونی عەرەبی تەواو بکات. . بەلکو کاریگەری دەقوئیمان ئەوەندە کاریگەربوو کە خێڵە کۆچەرەکانی عەرەب لە سوپایەکی هەڵگردا بۆ ئاڵای خودا ریکخستن .. کە لە چونە دەرەوەیدا بەردەوڵەت شارستانیەتەکانی وەکو ئێرانیوبێزەنتی کەوت، کە سەرباری هەرەسو لاوازبونیشیان لە رووی سیستمی دەسەڵاتی ئیداریەوە هێشتالە شێوازی عەرەبی ئیسلامیدا قۆناغی پێکهاتنو بەهێزتربوون کە هێشتا قۆناغی ناوەندی بەڵکو لە نێوان دەسەڵاتی ئەو ئەمارەتانەدا، کەنوێنەری بەرژەوەندی خێڵوتایەفەکان بوون، دارشتبوو، لەراستیدا ئەوان هەڵگری پرۆژەی راستەقینەی عەرەب بوون، هەرئەمیش بوو کە تیرۆری توندووتیژی سەرەتاییانەی خێڵی بە شێوەیەکی ترسناك تیکەڵی ئەو پرۆژەیە کردووە، دۆزیەوە، کەلەلایەکەوە جەنگەکانی تا ئاستی ئەفسانە ترسناك بوون، لەلایەکی تریشەوە نەیهێشتووە دەوڵەتی عەرەبی لە پرۆژەیەکی سنورداردا سەقامگیر بێت، بەلکو دوای ئەوە هەمیشە هەڵگرانی ئەو پرۆژەیە شەرعیەتی لە ناودانی ئەوانی دی بە خودایکردنی دونیایان داوەتە خۆیان، واتە راسیزمی عەرەبی لە ئەنجامی بەرکەوتنوکەشفکردنی ئەوانی دییەوە پرسیار لەماهیەتی خۆی ناکات بەڵکو شەرانگێزتر دەبێو دەچێتە پلەی شۆڤێنیزمەوە. چونکە ژیانی خۆی بە تێروانینی سەلەفیانەو سەرچاوەکانی ئیلهامەوە دەبەستێتەوە بنەمای خۆی بەناو ئەم پێکهاتە سەرەتاییانەدا بە هێزتر دەکات، چونکە هێشتا دونیا لەبەردەم ئەمدا ئەو دەروازە داخراوانەیە کە دەبێت بە (فتح) بیانکاتەوە، ئەمەش لە خۆیدا ئەرکێکی خودایە، بۆ پرۆژەی رۆشنبیری عەرەبی.. خۆی لەناو پرۆژەی بەخودایکردنی دونیادا دەبینێتەوە. ئەمەش پرۆژەیەکە رۆحێکی جیهانی دەخوازێ تیایدا دینوجەنگ دەبنە هەڵگری یەك ستراتیژ .. بەڵام مەسیحیەت وەکو دین بەبەهانەی بانگەشەی ئاشتیو خۆشویستیو لێبوردنو یەکسانیو برایەتی نێوان مرۆڤو پرۆژەی تەبشیری خۆی لە جەنگی رۆژئاوادا جیادەکاتەوە لەپاڵ بەرزبوونەوەی جەنگێکی شۆشگێرانەتردا کە ئیدانەی سەرجەم سیستمی کۆلۆنیالیزمی

ۆرۆژئاوا دەکاتودروشمی لەنێودانی روتاندنەوەی گەلانولەناوبردنی کۆیلایەتی بەرزدکاتەوە. بەڵام پرۆژەی عەرەبی جیاوازە چونکە تەنها لەیەك دەنگوپەیامەوەدەچێتە دەرێ، ئەویش ئەرکی تەوحیدە.. یەکخستنی دنیا لەرێگەی جەنگەوە، هۆکارێکی شەرعیو پیرۆز دەگرێتە ئەستۆ، ستراتیژی ئەم پرۆژەیە کە گەیاندنو پەیامی خودایە، هەرلەهەناوی خۆیدا هەموو رەهەندەکانی پێکهێنانی دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی دەبینێتەوە.. پرۆژەی تەوحیدیش بە خوداییکردنی دونیایە، لە رێگەی بە خودایکردنی ئینسانەوە، واتە گۆرینی بونەوەرێك کە خودا ئامادەبونێکی هەمیشەیی لە رۆحوجەستەوهەستەکانیدا هەیە. لێرەوە مرۆڤ دەبێتە بوونەوەرێك بۆ پەرستنی خوداو ملکەچ بوونی بۆ پەیامەکەی. ئەمەش واتای ئەوەیە ك بوون بە پەیامبەرێکی جیهادی کە خەبات بۆ کۆکردنەوەی ئینسانیەت یەکخستنی دنیا لە سەر بنچینەی عەدلی خوداییو لە ژێر دەسەڵاتی یەك نەتەوە یان یەك ئومەدا. کە پرۆژەکەیو ئیرادەی بۆ گۆرینی دونیا لە سەرچاوەی هێزی رەهای خوداییو ویستی ئەوەوە وەرگرتووە.

بەهانەی یەکسانی بوونی مرۆڤایەتی لە ژێرسایەی یەك ئومەدا خۆی لە خۆیدا شوناسو کلتورەکانی دی دەشارێتەوە.. لە ڕاستیدا ئەگەرچی چەمکی ئوممە لە ئیسلامدا چەمکیکی ئینترناسیۆناڵە وەخەونی یەکخستنی دونیای هەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا خەونی پرۆژەی عەرەبی هەیە بۆپابەندبونی دەسەلات وتوانەوەی شوناسەکانی دی بۆیەبەلای ناسیۆنالیزمی تائەم کاتە پێکهاتەیەك هەیە بەناوی ئوممە ئیسلامیوخودایەوە کە عەرەب هەڵگری پەیاموناوەندی دەسلاتێتی کەوە کو دەستەی هەلبژێرورا‌و لە لای خوداوە دەسەلاتی ئەوبەر جەستە دەکات ، کاتێك کەئەلقەی داکشانی دەسەلات لەدەسەلاتی ڕەهای خوداوە تێورویزە دەکرێت بۆدەسەلاتی پێغەمبەر ،دواتر خەلیفەکان کەلەلایەکەوە ئەوان نوێنەری پێرۆزی خودان لەسەرزەویولەلایەکی تریشەوە لە نێوانیاندا پەیمانیگی خۆ نزیکردنەوە لە مەلەکۆتی خودا هەیە، لێرەوەیە دەسەڵاتی خەلیفەو کردەوەکانی تا ئاستی خودایی پیرۆزە.. خەلیفەکانیش یەك رەگەزی بنەماڵەییان هەیە کەلەداوا جاردا شەجەرەکەشی بە پێغەمبەر کۆتای دێت، ئیدی بەروخانی دەوڵەتی عەباسیوسەندنەوەی دەسەڵات لە عەرەب شکۆمەندیو باڵادەستی ئوممەی عەرەبی کۆتایی پێدێت. لە دوای ئەو روخاندنو تیکشاکاندنی دەسەڵاتەوە ناسیونالیزمێك سەرهەڵدەدات، کەوەهەمەکانی سەلەفی جێناهێڵتو لەساتەوەختێکدا چەمکێکی دەسەڵاتی بەردەست دەکەوێت هەموویان یادەوەریە مێژووییەکانی زیندوو دەکاتەوە لە رێگەی سیستمی زمانێکەوە کە هەمیشە جەبری دەسەڵاتوسەرکوتکردنی تیادا ئامادەیە کە ئەمەش وادەکات قۆناغی دەسەڵاتی بەبێ جەنگ تێناپەرێت. هیشام جعید لە کتێبەکەیدا دەوڵەتی ئیسلامی بە سێ قۆناغ پێکهاتەی دە شوبهێنی.

یەکەم:- ساتەوەختی کۆچ(هجرە) کە تیایدا دەسەڵاتی پێغەمبەر دەرکەوت.

دووەهەم:- لە سالی پێنجەمی کۆچیدا واتا دوای گەمارۆی مەدەینەو شەری خەندەق ..کاتێ ئەم دەسەڵاتە وردەوردە خەسلەتەگرنگەکانی دەوڵەتی بەدەستهێناو هەموو دورگەی عەرەبی گرتەوە.

سێهەم:- لەدوای مردنی پێغەمبەرەوە دەست پێدەکات، لەگەڵ دەسەڵاتی ئەبوبەکردا کاتێ دەوڵەتی ئیسلامی نیشاندا کە توانای سەرکوتکردنی هەموو لادانێکی هەیە بەرێگای هێز.

دکتۆر هیشام باس لەوەدەکات گەر سیفەتی ئیسلامی لەو دەوڵەتە بکەینەوەو دواتر ناوی بنێین دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی یاخود کۆکردنەوەی عەرەب لە ژێر سایەی دەسەڵاتدا لە هەر قۆناغێکدا لە سترا تیژو شەروخۆرێکخستن لە شێوەی سوپادا بەدەرنەبوو.. قۆناغی هیجری پێغەمبەر خۆی لە قۆناغێکی تاکتیکی پاشەکشەیە لە جەنگ ئەمە لە کاتێکدا پەیامی محەمەد کاریگەری تەواوی بەسەر هەموو خەڵکی جەزیرەوە نیە، لە ئاستێکی لاوازدایە. بەڵام ناکۆکیەکانی نێوان خێلەکان بەکاردەهێنێ بۆ بەهێزکردنو بنیاتنانی دەسەڵاتێکی تر بەرانبەر دەسەڵاتی خیڵدا کە دەسەڵاتێکە هێشتا پێغەمبەر موحەممەد تیایدا نەبووەتە کاریزما بەڵکو سەروەریو هێزی کاریزمەی هێشتا نادیارە واتە هەر ئیرادەی خودابیە.

پەیامی موحەممەد تەقەلای گۆرینی ئینتمای عەرەبی ئەدا.. لەپەیوەست بوون بە خێلی سەرەتاوە بۆ پەیوەست بوون، بە خێڵێکی ئەخلاقیوکەلتورییەوە کە کایەکەیەکی دەمارگیری نوێە، تاکەکانی ناوی پەیوەندییەکی رۆحی نادیار واتا(دین) پێکیانەوە گرێدەداتو هەستی سۆز ئامێز بەخێزانوعەشیرەتەوە دەگۆرێت، بۆهەستی بە خودایکردنی ئینسان.. لێرەوە پێغەمبەر کۆچەرو ئەنسارەکان تێکەڵدەکاو دەیانکاتە براو هاوبەش، ئەمە قۆناغی گرنگی بەسیاسی کردنی ئینتمای خیلە بۆ ملکەچکردنی سەرجەم خێلەکانوتواندنەوەیان لەو پرۆژە خوداییەدا.

ئەگەر لێرە سەرنجێك بدەین، مێژووی جێگۆرکێکردنی دەسەلات لەسەرەتای ئیسلامدا ئەوا دەبینین کە پیرۆزیوپەرستن لە دوای مەرگی پێغەمبەر موحەممەدەوە کۆتایی پێدێت، چیدی  هەمان قودسیەتی خودایی پیغەمبەری نابێت، بەلکو لە جێگەیدا خەلیفە دەبێتە رەمزێکی لە رەمزەکانی خێلو سەرهەڵدانی بزوتنەوەکانی خوارجوهەلگەرانەوەی لە ئیسلامدا وەکێشەوشەرِی نێوان خێلەکان ناکۆمی نێوان خەلیفەکان لەسەر گواستنەوەی دەسەڵات کوشتنیان لەسەر بەرمالی نوێژ بەلگەن کە خێڵ وازی لە رەمزە دەسەڵات خوازیەکانی خۆی نەهێناوە، هەردەم داوای شوێنی خۆی لەو سیستەمە دەکات.. ئەمەش لە قۆناغێکدایە کە پرۆژەی عەرەبی فەتحەدەستپێدەکاتەوە .. ئالەمەر رۆشنایی ئەم رووداو تێگەیشتنانەوە ئەنفال دەبێتە زمانی دروشموغەنیمەو ئیمتیازاتی خیڵ کە گەرانەوەی بۆ ترسناکترین شێوەی شەرو پەلاماردانی سەرەتاییانە کە لەراستیدا لێرەوە پرۆژەی نەتەوەی سەردەستی عەرەبی لە گەیاندنی پەیامە ئەخلاقییەکان پەیامیش پاشگەز دەبێتەوە ، پەلهاویشتنی ئەو خێلە رێکخراوانە لە سوپای عەرەبی ئیسلامدا کە دواتر دەوڵەتێکی عەرەبی قەبەلی لە سەر بنچینەی غەنیمەو دەستکەوتە فراوانەکانی خیڵ دروست دەکات.. کە ئەمەش ئاکارێکی فاشیانە بۆ خێڵ بەرەڵا دەکات کە لەبەدەستهێنانی زۆرترین دەستکەوتدا ئەو ئیلهامە کە ناسیونالیزمی عەرەبی بونیادی خۆی لەسەر دەنێتەوە بەلام ئەم ناسیونالیزمە هەرچەندە راگیربوونی دەوڵەتی هاوچەرخانەی خۆی لە ناو رۆحی نەتەوە لە دەرەوەی دەوڵەتی خێڵدا

دەبینێتەوە بەڵام لەراستیدا سروشتی خۆی لەهەمان چەمکە سەرلە خێلەکان وەردەگرێ وەلەهەمان پرۆژەدا خەون دەبینێت، بێگومان ئەمە پالپشتی کەلەپورێکە لە فیکری ناعەقلانی هاوچەرخدا..

چەمکی ناسیونالیزمی فەرهەنگی‌وجیهانگیری وەکو پانتاییەکی کلتوری‌وکراوە وەکو بانگەشەیەکی عەقلانی لە کردەی پراکتیزەکردنی گۆرینی بۆ ناسیونالیزمی سیاسیدا شیوینراو بزربوو، پەیامە عەقلانییەکەی خۆی لەدەستدا، کاتێك ئەم چەمکە لە فەلسەفەوە گۆرا بۆ ئایدۆلۆژیای سیاسی‌وئەو پەیامەش لەدەست رۆشنبیروفەیلەسوفەکان سەندرایەوەو سیاسیەکان گرتیانە دەست ئیدی بووە بزووتنەوەیەکی شەرانگێزوتۆلە خواز کەتەقەلای جیهانگەرای بە جەنگ سەپاند.

فاشیزمی عەرەبی بنچینەی ئەفسانەی خۆی لە پرۆژەیەکی غەیبانی جیهانگەراوە کە لەغەیبەوە بۆی دابەزیووە، وەلەکلتوری سەلەفی ناعەقلانیەوە لە دەقەوە چەمکەکانی وەرگرتووەو هەڵهێنجاوە، جەوهەری ئەم ئەفسانەیەش بووەتە مانیفیستی سەرەکی جولانەوەی ناسیونالیزمی عەرەبی هاوچەرخ کە بەعسیەکان‌و حزبەکەیان، دیارترین نمونەیەتی‌و هەلگری لایەنە عەمەلییەکەیەتی، ئەو دروشمەش پەیامی نەمر رساله خالده وە ئوممەی یەکگرتوو" کە ئەمە لەساتەوەختی خستنەروی پرۆژەی عەرەبیدا دەستپێدەکات‌و لە قۆناغیکدا شکست دێنی‌و دەبێتە جۆرێك لە وەهم‌و ئەفسانەو ناسیونالیزمی نویی عەرەبی، بەچەمکە خوازراوەکانی فاشیزم هەناسەی بەبەردا دەکاتەوە بەعسیش خۆی مانای زمانی جەلاد لەساتەوەختی بێدەنگی زمانی قوربانیەکان وەمانای خود ژیانەوەیە لە مێژوودا بەسەرتاپای ئەزموونی تیرۆرەکانیەوە.

### ئەنفال‌و

### کوشتارە گەورەکانی مۆدێرنە

مۆدێرنە ئەو ماشینە گەورەیە کە پرۆسەی جینۆسایدی پێ بەرجەستە دەکرێت، وەلە زۆر روەوە ئاراستەی دەکات، وەك هەندەسەیەکی کۆمەڵایەتی دەیسەپێنێت.. جینۆساید ئەو تەوەرە ترسناکەیە کە مۆدێرنە دروستی دەکات، مەبەست لەوتەوەرەش دەوڵەتە.

دەولەتی نوێ هەلگی هەموو ئەومەرج‌وپێداویستیە مادی‌وسیاسی‌و کلتوروئەخلاقیەیە کەوای لێدەکات بەئاسانی بوونی هەموو ئەو هێزوو گروپ‌و تاکانە وێران دەکات، لەگەڵ ئەو وێنانەدا یەکناگرێتەوە کە دەولەت بۆ کۆمەلگای هەیە.. دەولەتی مۆدێرنە دەتوانێت بوونی هەموو ئەوانە بخاتە مەترسییەوە کە نایەوێت لەناو پلانەکانی ئەو هەندەسە کۆمەڵایەتیە جێگیربن، کە دەولەت بۆکۆمەلگای ئەکێشێ. ئەم هەندەسە کۆمەڵایەتی‌یە لە فۆرمە پەرگروتوند رەویەکەیدا فۆرمیکە کەلەعێراقدا خوازیاری ئەوەیە هەموو هێزێکی کۆمەڵایەتی‌وهەمووگروپێکی ئەتنی‌و کەلتوری‌و ئاینی واز لە شوناس‌و پەیایەکانی

دەسەڵاتی خۆیان بهێنن، ئەو شوناسە داسەپاوە قبوڵ بکەن کە دەولەت لە سەرەوە بەسەریاندا دەسەپێنی، ئەم هەندەسەیە تواندنەوەی جیاوازیەکانە لە پرۆسەی دروستکردنی وێکچوونێکی سەرتاسەریدا لێرەوە دەولەتی مۆدێرن ماشێنی هەرەشەیەکی بەردەوام توندتردەبێت، لە بوونی هەر گروپوتاکێك کە فەنتازیاکانی دەولەتو وێناکردنە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئەخلاقیو کلتوریەکانی چ بۆ خودی دەولەتو چ بۆ کۆمەلگە قبول ناکات، بەتایبەی ئەو دەولەتانەی لە دەرەوەی هەر پەیمانێکی کۆمەڵایەتی هەرمیکانێزمێکی چاودێریکردنی حوکمکردن، یان هەر پرۆژەیەکی سیاسیوکۆمەلایەتیو هەر دابەشکردنێکی دەسەڵات کاردەکەن، دەولەتێك کە لەفیکری سیاسی نوێدا بەدەولەتی هۆبزناونوسکراوەو لەسەرەوەرا وێنەو هەندەسەیەکی کۆمەڵایەتیوسیاسی تایبەت بەسەرکۆمەلگەدا دەسەپێنێت،ولەسەرەوەرا بریاردەدات کۆمەلگا چ فۆرموچ شێوەیەكو چ ئاراستەیەکی گەشەکردن وەربگرێت. قوربانیەکان بە درێژایی مرۆڤایەتی بە بوونەوەرێکی بێشوناس ناسراوون.. تەنانەت لە خودی دەولەتی مۆدیرنەشدا .. ئەوە هەر رووی لایەکی تاریکی مۆدێرنەیە، وادەکات بەئاسانترین شێوە لە کوشتارێکی گەورەدا ئەو هەموو ئینسانە فەراموش بکرێو قربکرێ وەدواییو دوای ساڵانێکی زۆر ئاسەواریان ببڕیتەوە. قوربانی نەپێویست دەکات کەسایەتی خۆی بناسێت،و نەکەسیش داوای خۆناساندنی لێدەکات، خۆناساندنیش مانای داننانە بە بوونێك بەتاکێك کە خاوەنی کەسێتی بێت..

لەناودەولەتی مۆدێرنەشدا تاکە شتێك کە قوربانیو جەلاد لەیەك خاڵدا کۆدەکاتەوە نەبوونی بریارە بۆ ژیانو ژیان بەخشین، نەقوربانی دەتوانێت داوای ژیان لە جەلادەکەی بکات، نەجەلادیش دەتوانێ ژیان ببەخشێتە قوربانیەکەی بەردەستی. حوکمی کۆمەڵکوژ بریارێکە لەدەرەوەی ویستی قوربانیو جەلادیشدایە، چونکە نە قوربانی دەزانێت بۆ دەکوژرێت نە جەلادیش دەزانێت بۆ دەکوژرێت، کردەی کۆمەڵکوژی سیفەتی مانا لە هەردولا وەردەگرێتەوە، بەهای عەقل ، ئینسان.. ژیانو مردنیش دەسرێتەوە لە ساتەوەختی ملهوری هەمەجییەتدا جەلاد تەسلیمی بریارێکی ناعەقڵانە دەبێتەوە بریارێك ئەگەر وانەکان دەکرێ لە ساتیکدا کۆتایی بە هەموو پرسیارو وەڵامەکانی ژیان بهێنێت. لێرەوە زمانی جەلاد زمانی کوشتنی هەموو کایەکانە..

کۆمەڵکوژی داخستنی دەرگای هەموو بیرکردنەوەیە خۆ فرێدانە ناو رەهەندەکانی مردن کە تاریکترینو نادیارترین چرکە ساتی مرۆڤەو هەموو جیاوازییەك دەسرێتەوە کەسی قوربانی دەشێت بەهەمان زمانی جەلادەکەی بدوێت، یان باشتریش قسەبکاتو هەمان ئاینی هەبێت بەڵام قوربانیکراو لەبەردەم پرسیاردا نیە.. چونکە پرسیاری بۆ پرسیارێکی عەقڵانییەو چاوەروانی وەڵام دەکات چاوەریی گفتوگۆدەکات .. پرسیاریش تەنها کەسی ئازاد دەتوانێت بیکات، تەنها ئازادی خوازیش دەتوانێت وەڵامی بداتەوە .. کوشتنی عەقل لە رێگەی کوشتنی هەموو پرسیارەکان وە ئازادی جەستە سەرهەڵدانی زەمەنێکی شوومە زەمەنی تۆتالیتارییەکان وە هیچ مەودایەك بۆ شوینی مرۆڤو وابەستەی بە ژینگەی خۆیەوە نامێنێ.. شوێنێکیش

ببێ بە مەزاری حەیوانەکان فاشیزم ئیدی شوێن زەمەنیش هیچ نادات بەدەستەوە. تەنها زەمەنی قرکردنی مرۆڤ نەبێت.

ئەنفال تەنها وێرانکردنی جیگایەك نیە، بەرلەهەرشتێك ئەنفال بۆخۆی سیستمی زمانێکە کاردەکات دابەش دەبێت بەسەر چەند شێوە بیرکردنەوەیەکی جەهەنەمیانە ئەوەی مرۆڤە، عەقلە دەیکوژێت.

ئەنفال تەنها هەرشەیەك نیە دژی ژێرخانی ئابووری گروپێك یان نەتەوەیەك ئەنفال هێرشێکی راستەوخۆی شەرە دژی هەموو کایەکانی ژیان، وەکو گشتێکی دابەش کراو، بۆسەر بوونی مادیومەعنەوی خەلکانێك تا ئاستی فەناکردنی یەکجارەکیان.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشێ .. بۆجەنگ لە عێراقدا بەرهەمی بەردەوامی پێکهاتەی دەسەلاتو پێکهاتەی دەولەتوپێکهاتەی کۆمەلگای عێراقە؟ ئەنفال لێرەدا ئەوەمان بۆ لێکدەداتەوە بۆ جەنگ بەرئەنجامێکی لۆژیکی ئەو هەندەسە کۆمەلایەتیە.. لێرەدا بەسود وەرگرتن لە سەرچاوەکان دەگەرێینەوە سەر چەمکی دەسەلاتی جینۆسایدی داخۆ ئەم دەسەلاتە چیە، کامەیە چۆن دروست بووە؟.

لێرەدا فۆکۆ ئەم سێ شێوە دەسەلاتە لەیەکدی جیادەکاتەوە کە ئەمانەی خوارەوەن:-

1- دەسەلاتێك لەسەر فیزالیای کاردەکاتو راستەوخۆ دەرئەنجامەکەیەتی بە بۆچونی فۆکۆ ئەم شێوەیەی دەسەلات بریتی یە لە دەسەلاتی بەرلە پرۆسەی مۆدێرنیزمەوە هاتنەکایەی دونیای مۆدیرنە.. مەبەستوئامانجی سەرەکی ئەم دەسەلاتە بریتیە لە پاراستنی پاشاوئەمیر.. پاشاش بۆ پاراستنی ئەو سەروەرییە مافی کوشتنی هەموو کەسێکی هەیە.. وەکو ئەوەی لە ئەزموونی سەرۆکایەتی عێراقدا بینیمانو تیایدا بوینە قوربانی.

پادشاو ئەمیرەکانیش پەیوەندیەکی ئۆرگانیك لەگەلّ دەسەلاتداهەیە ناتوانن دەستبەرداری بن، لێرەشدا کۆمەلگاو چەمکی هاولاتی ئامادەنین چونکە هەم سیستمی دەسەلات هەم سیستمی سیاسی لە بیرۆکەی پاشاو سەروەری بنیاتنراوە.. ئەوەی لێرەدا پێویستە بوترێ مافی کوشتنە لەلایەن سەرۆك یان پاشاوە، دەسەلاتیش بۆ پاراستنی ئەو قەوارەی دەسەلاتە سزا دەدات.

2-شێوەی دەسەلاتەکە بریتی یە لەودەسەلاتەی کەلەسەر بایۆلۆژی ئینسانوخودی ژیان لە مانا بایۆلۆژیوسیاسیەکەیدا کاردەکات، لەلای فۆکۆ ئەم دەسەلاتە بەرهەمی رۆژگاری مۆدێرنەیە وەلەو کاتەدا دروست دەبێت کەدەولەت بیرلە کۆمەلگا دەکاتەوە وەك گشتێکی سەرتاسەری.

3- شێوەی سێهەم لای فۆکۆ دەسەلات بریتیە لە دەسەلاتی کۆنترۆلکەر ئەمەش دیسانەوە بەرهەمی رۆژگاری مۆدیرنەیەو پرۆژەی مۆدێرنەیە.. سیستمی چاودێری ستراتیژی سەرەکی ئەم شێوە دەسەلاتەیە..

چونكە لەرۆژگاری بەرللەمۆدێرنە پادشا نەیدەتوانی تەواوی خەڵكی بخاتە ژێركۆنترۆڵی خۆیەوە..پادشا دەزگای مۆدێرنی نەبوو زانیاریشی نەبوو تاكۆمەلگا شیبكاتەوە ،پرۆسەی مۆدێرنیزم دەیەوە دامودەزگای كۆنترۆلكەری هێنایەكایەوە لە لەشكری مۆدیرنەوە تا كارخانەو بەندیخانەو قوتابخانەوپارتی سیاسیوسەرەڕای هەموئەمانەش لە دایكبونی زانستەكانی سێوسێولۆژیاو سایكۆلۆژیاو زانستی سیاسەتو بایەلۆژیا لای فۆكۆ دەسەلاتی كۆنترۆلكەر جۆرێك ئینسان بەرهەمدنێت كە ناوی ناو ئینسانی ڕامكراو بەندكراو لە ناو چوار چێوەی مۆدێرنەدا.

بەلای فۆكۆوە سیاسەتی كوشتنو لەناوبردنی جینۆسایدیانەی ئینسانەكان مانای گەڕانەوەی دەسەلاتی سزاگەرنیە بۆ ناو هەناوی مۆدێرنە... كوشتن لە دونیای نازیەكاندا لەومافە كۆنەوە كە هاتوە كە پادشا هەیبوو بۆ لە ناوبردنی ئەوانەی سەروەری پادشایان دەخستە مەترسیەوە.. بەڵكو كوشتنی بە كۆمەڵ لە وڕاستیەوە دێت كە دەسەلاتی مۆدێرن بەهەمان ئەندازەی ئیشكردنی لە سەر ژیاندەتوانێت لە سەرمەرگیش دەستەبەر بكات، كوشتنی بە كۆمەڵ لە رۆژگاری مۆدێرنەدا پاراستنی سەروەری پادشانیە، بەڵكو لە بەرئەنجام فەنتازیاكردنێكی دیاریكراوی شوناسی كۆمەڵگا مدێرنەكانە وەكو بونێكی هاوشیچوەو وێكچوو..

بەكورتی هۆلۆكۆست .. هەم بەرهەمی گەشەی تەكنەلۆژیای مۆدێرنو هەم بەرهەمی كلتوری سیاسی مۆدێرنەو هەم بەرهەمی ژوورە مۆدێرنەكانی كاغەزی كوشتنەو هەم بەرهەمی ئایدۆلۆژیای ناسیونال سۆسیالیزمە. ئەنفالی كوردیش بەهەمان پێوەدانگەكانی هۆلۆكۆست بەرهەمی مۆدێرنەو ترادسیونی ئاینیو بیری شۆڤێنیزی عەرەبی بوو. لە دوادوایەكانی سەدەی بیستەمدا.

-

<u>سەرچاوەكان:</u>

ئەمیل تۆما .. الحركات الاجتماعیة فی الاسلام.

محمد جولی .. الزعیم السیاسی فی مغیال الاسلامی – بین المقدس والهندسە- الموسسة الوطنیة للبحث العلمی – دار سراسر للنسر – تونس. اكتوبر – 1992.

3-محمد اراغۆن .. الفكر الاسلامی ترجمة هاشم صالح.

4- بەختیار عەلی لەئارەزووی كوشتنەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆش كردن- گۆڤاری رەهەندژمارە(7)

5- نفی العقل -أدیب دیمتری- مۆسسە للدراساتوالنشر 1993

6- قورئان بە زمانی كوردیو عەرەبی لەلایەن دەستەی زانایانی ئێرانەوە

7 دوله النبوه- هیشام جعیگ—مجلەالفکر العربی المعاصر-عدد72-73 1995

8- سمیر خلیل -جمهوریە الخوف القاهره 1991

میشیل عفلق -فی سبیل البعپ -چاپی دووهەم 1963

10- ئەنفالو مۆدیرنە مەریوان وریا قانع—رەهەند ذمارة(7)

11- مێژووی عرەبی ئیسلامی -محمد اراغون. وەرگیرانی مەریوان وریا تالب مۆریاسی.

12فیندەمینتالیزمی ئیسلامی لەجیهانی عەرەبدا—ریچارد هراپەر- وەرگێرانی ئاسۆ کەریم.

13- لەئەنفالەوە بۆ خوێندنەوەی رووبەکی تاریکی ناسیونالیزمی عەرەبی- بەرزان فەرەج گۆڤاری رەهەند ژمارە-(7)

14- ئەنفال جینۆسایدێك لەئایندا بۆ رەوایەتی دەگەرێت- گۆران بابا عەلی هەمان سەرچاوە.